پرۆفیسۆر چەیم کۆفمان تایبەت بۆ (ÊüuÖ)ی نووسیوە:

# ئایا دەتوانین عێراق ڕزگار بکەین؟



## بەشی یەکەم:

**پرۆفیسۆر چەیم کۆفمان کە تایبەتمەندە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە ئەتنییەکان و مامۆستای زانکۆکانی , Bethlehem, Lehigh Pennyslvaniaیە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد لە جیهاندا ، یەکێکە لەو ئەکادیمییانەی کە لە باسەکانیدا، کوردستان وەک نموونەی کێشەیەکی چارەسەر نەکراو دەخاتەڕوو.**

**بۆ باسکردن و تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردستان لەم واقیعە سەختەی عێراقدا، گوڵان بە ڕێگەی تەلەفۆن و ئیمێل ئەم مەسەلە گرنگەی لەگەڵ تاوتوێ کرد، بەڵام پرۆفیسۆر کۆفمان پێی باش بوو کە بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە «سیاسەتی ئەمەریکا و سەلامەتی کوردستان» بە دوو وتار بۆ گوڵان بنووسێت و بەمەرجێ هیچ دەسکاری نەکرێن، گوڵان وێڕای قبوڵکردنی مەرجەکانی کۆفمان «کە وەک بەشێک لە کاری پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەگەری و پرەنسیپی گوڵانی دەزانێت» ، دڵنیای کردەوە کە وتارەکانی بەڕێزەوە و بەبێ دەسکاری لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری گوڵان بە کوردی بڵاودەکاتەوە و لەسەر ماڵپەری گوڵانیش لەناو ئەنتەرنێت لەگەڵ دەقە کوردییەکەی دەقە ئینگلیزییەکەش بڵاودەکاتەوە، ئەڵقەی دووەمی ئەم بابەتە بە ناونیشانی «ئایا پاراستنی کوردستان بۆتە بەشێکی گرنگی سیاسەتی ئەمەریکا ؟» .**






ئەگەر کوردەکانی عێراق و عەرەبەکانی عێراق لەسەر مەسەلەیەک ڕازی بن: ئەویش ئەوەیە کوردەکان عێراقی نین، ئەوا گرنگترین فاکتەر کە کاریگەری دەبێت لەسەر ئاییندەی پاراستنی کورد و کوردستان، بەشێکی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەبێت کە لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێدەکەم.

«شەڕی ناوخۆی سوننە و شیعە لە ناوەندی عێراقدا»

ئەم شەڕە گەیشتۆتە خاڵێکی ترسناک:

* هەموو کەسێک لە ناوەڕاستی عێراق سەبارەت سەلامەتی ئاسایشی خۆی و خێزانی نیگەرانە و پەنا بۆ هەر دەسەڵاتێک لە کۆمەڵگەی شیعە یان سوننە دەبەن بۆ ئەوەی لە پاکتاوی ڕەگەزی بیانپارێزێت کە بەهۆی ناسنامەی مەزهەبییەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

* لە دوای تەقاندنەوەی مزگەوتەکەی سامەڕا لە ٢٢ شوباتی ٢٠٠٦ قوربانی ئەم توندوتیژییە ناوخۆییە بە ڕێژەیەکی زۆر زیادی کردووە مانگ لە دوای مانگ خراپتر دەبێت، بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان «UNHCR» هەموو مانگێک نزیکەی ١٤٠ هەزار عێراقی ماڵوحاڵی خۆی بەجێدەهێڵێت.

* مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان شیعە و سوننە بۆتە مەسەلەیەکی بێ مانا ، لە ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ دەنگ بۆ یاسای هەرێمەکان درا، بۆ ئەوەی هەرێمی فیدراڵی لە باشوور و باکووری عێراق دروست بکرێت، بەڵام بوونی سوننە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی و پشکی داهاتی نەوت پرۆسەکەی سڕکرد.

* لەبەربوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا لە عێراقدا، هەڵکشانی شەڕی ناوخۆی نێوان سوننە و شیعە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ بووە، لە بۆسنە و بەبێ توندوتیژییەکی ئەوتۆ لە ئازاری ١٩٩٢ گەیشتە شەڕێکی فراوانی ئەوتۆ کە لە توانادانەبوو ڕابگیرێت.

ئەو سوپای عێراقەی کە هاوپەیمانان دروستیان کردووە جێگەی متمانەنین، چوار بەتالیۆن لەو ٦ بەتالیۆنەی کە بڕیاربوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ بنێرێتە بەغدا بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو توندوتیژییە مەزهەبییە بکات لە بری ئەوەی ملکەچی فەرمانەکان بن، توانەوە.

پۆلیسی عێراق زۆر بە فراوانی دەستی شیعەی تێدا بڵاوە و گرووپی مردن زۆرجار لەناو پۆلیسدا جیاناکرێتەوە، هەوڵدانیش بۆ هێنانە ناوەوەی سوننە بۆنا و هێزی پۆلیس لە ناوچە تێکەڵاوەکاندا گەلێک جار ڕووبەڕووی کۆکوژی بوونەتەوە، هەروەها دەریشکەوتووە کە ئەوەی ئەم کارەی کردووە خودی پۆلیس بووە. میلیشیای سەربەخۆی گەرەکەکان دەتوانین بڵێین لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە.

* ڕاپۆرتی دەستەی لێکۆڵینەوەی عێراق «ISG» کە لە ٦ی دیسەمبەری ٢٠٠٦ دەرچووە، ڕێنمایی ئەوە دەکات کە هێزەکانی ئەمەریکا بەشێوەیەکی تەدریجی کەمبکرێتەوە، ئەمەش وەک گوشارێک بۆ سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی متمانە بە هێزەکانی حکومەت پەیدابێت و بەرپرسیاریەتی ئاسایش بگرنە ئەستۆ، بەڵام هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ قەناعەت پێکردنی نوری مالکی سەرەک وەزیرانی حکومەت بۆ داماڵینی چەکی میلیشیاکان، بێ ئاکام بووە و نەتوانراوە ئەو کارە بکرێت، حکومەتێکی سەربەخۆ نییە و لەژێر کاریگەری پارتە شیعەکاندایە و هەوڵنادات بۆ ئەوەی چەک لە میلیشیاکان داماڵێت، تەنانەت لەو شارانەشدا کە میلیشیاکانی شیعە شەڕی یەکتریش دەکەن، شیعە ڕێگرە لەبەردەم چەک داماڵین و دەڵێن ناتوانین چەک دابنێین لە ترسی هەڕەشەی سوننە.

ئەم جۆرە گوشارانە لە ماوەی یەک دوو ساڵی ڕابردوودا کاری لەسەر کراوە، بەڵام شیعەکان زۆر لە یاخیبووانی سوننە دەترسن و پێیان وایە ئەو یاخیبووانە بارودۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە، ئێستاش شیعە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەرەو ئەوەدەچن ئەم شەڕە بەرنەوە، زیاد لەمەش پێیان وایە ئەگەر ئەمەریکا عێراق بەجێ بهێڵێت، ئەوا ئێران هەموو پشتگیرییەکیان پێشکەش دەکات، لەم حاڵەتەشدا شیعە چیدیکە پێویستی بە ئەمەریکا نابێ.

فەرماندەی ناوەندی هێزەکانی ئەمەریکا دان بەوەدا دەنێن کە هەوڵەکانیان دامرکاندنەوەی ئەو توندوتیژییە مەزهەبییەی بەغدا سەرکەوتوو نەبووە و تەنانەت نەشیان توانیووە ڕێگری لەو کوشتنە مەزهەبییەش بگرن، زیاد لەمانەش ئەم هەوڵانەی هێزەکانی ئەمەریکا دەیدەن پێشوازیان بە باشی لێناکرێت.

هەتا سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر هێزەکانی ئەمەریکا کۆنترۆڵی خاڵەکانی پشکنینی ناو بەغدایان دەکرد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ڕێگە لە کوشتن لەسەر ناسنامەی مەزهەبی بگرن، بەڵام ئێستا ئەمەریکا بەو داوایەی حکومەتی عێراقی ڕازی بووە بە گۆڕینی خاڵەکانی پشکنین، هەروەها بە ئاشکرا و بەبێ مۆڵەتی عێراقی پرۆسەی چەک داماڵینی میلیشیاکان ناگرێتە بەر.

ئەوە مەسەلەیەک نییە چ گۆڕانکارییەک لە ستراتیژ و ئەرکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەکرێت، بەڵام هێزەکانی ئەمەریکا ناتوانن بۆ ماوەیەکی زیاتر لە عێراقدا بمێننەوە.

لە ڕاپرسیەکەدا کە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٦ ئەنجامدراوە، ٦٢٪ شیعەکانی عێراق بەو هێرشانە ڕازین کە دەکرێتە سەر هێزەکانی ئەمەریکا.

لەو کاتەوە تا ئێستا پێکدادانی نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و هێزەکانی شیعە زیاتر بووە، هەر بۆیە لە ڕاپرسی تازەدا ئاکامەکەی خراپتر دەبێت، حکومەتی عێراق پێشنیاری ئەوەی کردووە کە تەفویزی سەرکردایەتی هێزەکانی هاوپەیمانان بدرێتە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی ڕێگە لە پێکدادانی زیاتر بگرێت.

هەندێک لە پسپۆڕان و سیاسەتمەدارانی سەر بە پارتی دیموکراتی ئەمەریکا پێشنیاری دابەشبوونی بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا دەکەن، هەندێکی دیکە دژی ئەو دابەشکردنەن ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم

## بەپێی ئاماری کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان «UNHCR» هەموو مانگێک نزیکەی ١٤٠ هەزار عێراقی ماڵوحاڵی خۆی بەجێدەهێڵێت

دابەشکردنە دەبێتە هۆی زیادبوونی پەنابەر و، پاداشتی ئەم شەڕەش کوشتارێکی زۆرە بۆ نموونە لەسەر نەوت.




بەڵام هێزەکانی دراوسێ «لەوانە تورکیا و ئێران و عەرەبستانی سعودیە کە پاڵپشتی بەهێزیان هەیە بۆ دەستتێوەردان دەڵێن: دابەشکردنی عێراق دەبێتە هۆی ئەوەی بۆ چەند یەکەیەک ناسەقامگیری و شەڕەکەش لە سنووری میزۆپۆتامیا بچێتە دەرەوە.

هەندێک لەو نیگەرانییانە ڕوون نین لەبەر ئەوەی:

١- لە بەردەوامی ئەم شەڕەی ئێستا هەمان ئەو خەڵکانەی لە ئاکامی دابەشکردن دەبنە پەنابەر هەر خۆیان بوونە پەنابەر.

٢- خاڵێکی دیکەی گرنگ: بە لەبەرچاوگرتنی نارازیبوونی سوننە بەوەی کە دابەشکردن بە تەنیا بەجێیان دەهێڵێت، بەڵام ئەگەری دابەشبوون لەناو کورد و شیعەدا خەریکە نزیک دەبێتەوە، گرفتی بەرژەوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی دراوسێ لە نێو خۆیاندا و هەروەها لەناو کۆمەڵگەی ناوخۆی عێراقدا ڕوو لە زیادبوونە، هەروەها مەسەلەی نەوت..هتد، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی دوای دابەشکردن عێراق ناسەقامگیر دەبێت.

هەردوو لایەنی لایەنگیر و دژی دابەشکردن پرسیارێکی هەڵە دووبارە دەکەنەوە پرسیارەکەش ئەوە نییە ئایا عێراق دابەش دەکرێت؟ بەڵکو پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کەس دەتوانێت دابەشکردنی عێراق ڕابگرێت؟ وەڵامەکەش بێگومان نەخێرە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرجەم عەرەبی سوننە و زۆرینەی شیعە کە تا ئێستا دژی دابەشکردنی عێراقن پەیوەندی بە واقیعی ئێستاوە نییە و ناتوانن وەڵامی ئەو بارودۆخە بدەنەوە کە خۆیان تێی کەوتون، عێراق خۆی لە خۆیدا دابەش بووە. هەتا ئەگەر عێراق دابەشبکرێت بۆ سێ پارچە/ شیعەستان و سونیستان و کوردستان، پاکتاوی ڕەگەزی هەر بەردەوام دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمە ئەمری واقیعە و نەک دابەشکردنێک بێت بە حوکمی یاسا.

حکومەتی شەرعی عێراق، هەروەها حکومەتی ناوخۆیی شیعە لەلایەن شیعەوە کۆنترۆڵ کراوە و بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سونیستان و کوردستان هەبێ، هەر بەردەوامیش و دانپێدانراویش دەبێت، لەوانەیە هەندێک دەوڵەت هەبن دان بە سونیستاندا بنێن وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بەڵام دان بە کوردستاندا نەنێن وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

### دوایین ئەرکەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەتا ئێستاش نزیکەی ١٤٠ هەزار سەربازی لە هێزە باشەکانی لە عێراقدایە، هەروەها ئەرکێکی سەربازی گرنگی لەبەردەمدا ماوە کە تا ئێستاش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەتوانێت جێبەجێی بکات ئەویش ئەوەیە:

* با ناوی لێ بنێین پاراستن و گێڕانەوە و دووبارە نیشتەجێکردنەوەی پەنابەران ئەمەش واتە ئاسایکردنەوەی زیاتر لە ١٥٠-٢٠٠ شار و شارۆچکە و گوند و ناوچەی دیکەی دانیشتوان کە لە بەردەم هەڕەشەکی ترسناکی، پاکتاوی ڕەگەزیدان، دەبێ دووبارە ئەمانە بپارێزرێن هەتا ئەو کاتەی خۆیان دەگەنە ئەو قەناعەتەی بگوازرێنەوە.

ئێمە ئەم کارە لەبەر دوو هۆکار دەکەین:

یەکەم/ ئەمە کارێکی ڕاستە، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر دەبنە قوربانی گروپی مردن ئەگەر ئەو خەڵکەمان پاراست و لە کاتی دیاریکراودا سەقامگیرمان گێڕایەوە ئەوا دەبێتە هۆکارێک بۆ خۆشگوزەرانییان.

دووەم/ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەوە تاوانبار دەکرێت «کە لە ڕاستیشدا تاوانبارە» لەبەر ئەوەی زۆربەی جیهان بە هۆکاری ئەم شەڕ و ئاژاوەیەی دادەنێن کە لە دوای ساڵی «٢٠٠٣»ەوە لە عێراقدا ڕوودەدات، هەموو ئەو کارانەش کە ڕوودەدەن بۆ چەندین ساڵی داهاتوو کاریگەریان دەبێت، هەر بۆیە لە بەرژەوەندی نیشتمانی ئەمەریکادایە ئەگەر بتوانێت لیستی تاوانبارییەکەی کەمبکاتەوە.

لە دوماهیدا، لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێویستە هەرچی لە توانایدا بیکات بۆ ئەوەی سەقامگیری ئایندەی هەرێمەکە دابین بکات، لەبەر ئەوەی چیدیکە ناتوانین بە زەبری هێزی سەربازی ناوچەی کەنداوی فارس بەڕێوەبەرێت.




## هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ قەناعەت پێکردنی نوری مالکی بۆ داماڵینی چەکی میلیشیاکان، بێ ئاکام بووە و نەتوانراوە ئەو کارە بکرێت

• • •

## شیعە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەرەو ئەوە دەچن ئەم شەڕە بەرنەوە، زیاد لەمەش پێیان وایە ئەگەر ئەمەریکا عێراق بەجێ بهێڵێت، ئەوا ئێران هەموو پشتگیرییەکیان پێشکەش دەکات، لەم حاڵەتەشدا شیعە چیدیکە پێویستی بە ئەمەریکا نابێ

ئێران و عێراقی نوێی «شیعە» بەشێوەیەکی سروشتی هەژموونیان لە ناوچەکەدا دەبێت، هاوپەیمانەکانی ئەمەریکاش لە بەشی باشووری کەنداو نەک هەر لەسەر ئاستی دەرەکی بەڵکو لەسەر ئاستی ناوخۆش لاوازن، بۆ مانەوە لەو ناوچەیە بێگومان بەڕێگەی ڕیفۆرم و دامەزراندنەوە دەبێت، نەک کاردانەوەی هێزی سەربازی ئەمەریکا.

پێموایە هەندێک لە کوردەکان دابەشکردنی عێراق بە شتێکی باش دەزانن لەبەرئەوەی دەبێ کارێکی قورس بکەن هەتا حکومەتی عێراق لە ئاییندەدا نەتوانێت تەعدای ئەو سەربەخۆییە دیفاکتۆیەی هەرێمی کوردستان بکات. بەڵام لە ڕاستیدا لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق بارودۆخێکی ترسناک زیاتر بۆ کورد دروست دەکات.

یەکێک لە پرسیارەکانیش ئەوەیە، ئایا سیاسەتسازانی ئەمەریکا لە گۆڕانکاری ئەم بارودۆخە ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە، کە بتوانن سیاسەتێکی هێمنانە یان دەتوانن گەرەنتی پاراستنی کوردستان دابین بکەن ئەگەر سەربەخۆیی فەرمی ڕانەگەیەنن؟ یان سیاسەتیان بەرامبەر کوردستان بە بەشێکی گرنگی سیاسەتی لەبەرچاو نەگیراوە؟ «ئەم مەسەلەیە لە بەشی دووەم موناقەشەی لەسەر دەکەین».

بارودۆخی ئێستای عێراق و دەوروبەری لە زۆر ڕووەوە لە تەنگژەکانی سەدەی ١٩ی ئەوروپا دەچێت، لەو کاتەدا هێزە گەورەکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی کۆنگرەی هەمەجۆرەوە وەک کۆنگرەکانی «بەرلین و ڤیێننا» بەڕێوە ببەن، کە هەندێک کات ئەم کۆنگرانە لە کۆنگرەی عەممان دەچێت کە تیایدا داوادەکات هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق و دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی وەک ئێران و تورکیا و سعودیە و سوریا و دەوڵەتە گەورەکانی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ڕوسیا پێکەوە ڕاوێژ بکەن سەبارەت بەوەی چۆن پێکەوە هاریکاری بکەن سەبارەت بەو بارودۆخەی لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی عێراق دروست دەبێت، هەروەها چۆن بتوانن ئیدارەی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بکەن، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی مەترسی شەڕێکی دیکە کە هیچ لایەک خوازیاری نین، لەم کۆنگرەیەدا هەر لایەک ئەو سیاسەتە چاوەڕوانکراوەی مەزەندەی دەکات بۆ ئەوانی دیکە باس بکات، هەروەها پێویستە فێربین کە ڕکابەر نابێ لێی بێدەنگ بین.

ئەگەری ئەوە کەمە کە هەر لایەنێک ئەوەی دەیەوێت باسی بکات بەتایبەتی سەبارەت ڕکابەر و دوژمنەکان زەحمەتە ئەو ئامادەباشییان تێدابێ، لەوانە نە ئەمەریکا و نە ئێران پێناچێت ئامادەبن بەشێوەیەکی بونیادنەرانە وتووێژ بکەن یان موناقەشەیەکی جدی بکەن.

ئەمەش مانای ئەوەی کە هەرێمی کەنداوی فارس بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەک تەنگژەیەک دەمێننەوە هەر بۆیە ئامانجی کۆنگرەی یەکەمی عەممان بۆ یەکتربینی لایەنەکانە بۆ ئەوەی بزانن ئایا دەتوانن دانیشتنی دووەم گرێبدەن.

## مەسەلەی دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان شیعە و سوننە بۆتە مەسەلەیەکی بێ مانا

## ئەو سوپای عێراقەی کە هاوپەیمانان دروستیان کردووە جێگەی متمانەنین